
KOREK
Telecom



100 خاڵی کۆکردووەتەوە بەرامبەر بە 93.5 خاڵ بۆ رکابەرەکەی..

# مێسی تاوەکو ئێستا باشترین هێرشبەری جیهانە

رووداوی وەرزشی ـ CNBC

وادیارە بەراوردکردن لە نێوان باشترین لە جیهان، کە بەزۆری لە نێوان لیۆنێل مێسی ئەستێرەی بارسێلۆنا و کریستیانۆ رۆناڵدۆی ئەستێرەی ریال مەدرید دەبێت، کۆتایی نایەت تاوەکو یەکێکیان واز لە یاریکردن نەهێنێت، یان ئەستێرەیەکی دیکە دەرکەوێت و بەرەکە لەژێر قاچیان دەربێنێت.

لێکۆڵینەوەیەکی ناوەندی نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوە وەرزشییەکان (سیاس) دووپاتیدەکاتەوە، مێسی لەسەر ئاستی سەرکەوتن بەرامبەر گۆڵ بە پێش رۆناڵدۆ کەوتووە، ئەویش لە میانی دەرفەت رەخساندن و گۆڵ تۆمارکردن، لەگەڵ ئەسیست بۆ هاورێکانی بەرامبەر گۆڵ بۆ گۆڵ تۆمارکردن. مێسی و رۆناڵدۆ لە رووی ژمارەی گۆڵەکانیان لەسەر ئاستی ئەوروپا یەکسانن بە تۆمارکردنی 10 گۆڵ و 77 گۆڵ بەشێوەیەکی گشتی (مێسی هێشتا یاری کۆتایی لەپێش ماوە). بەڵام لەسەر ئاستی خولی ئیسپانیا رۆناڵدۆ لە پێش مێسی دێت، دۆن 48 گۆڵی تۆمارکردووەو مێسی 43 گۆڵ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مێسی بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکە 100 خاڵی کۆکردووەتەوە، بە 6 خاڵ و نیو لە پێش رۆناڵدۆ دێت کە 93.5 خاڵی کۆکردووەتەوە. ئارێین رۆبن لە پلەی سێیەم دێت بە کۆکرکدنەوەی 88.5 خاڵ، لویس سوارێز لە پلەی چوارەم دێت بە کۆکردنەوەی 82.8 خاڵ و سێرجیۆ ئەگوێرۆ لە پلەی پێنجەم دێت بە کۆکردنەوەی 67 خاڵ.

WWW.RUDAW.NET

رووداو وەرزشی

ژمارە (352) سێشەممە 2015/5/26 5ی جۆز

رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەک



# ئیمپراتۆرێکی بێ نیشتیمان

"ریال مەدرید نەیتوانیوە سوود لە توانا خەیاڵییەکانی رۆناڵدۆ وەربگرێت"

3«

LOTTO

براوەکانی سیونۆیەمین لۆتۆی (رووداوی وەرزشی)

1 ـ سەرتیب رەئووف ئەمین. 2 ـ بێستون ئەفراسیاب. 3 ـ بیلال محەممەد مەحموود. 4 ـ ئەبوبەکر حەسەن عەزیز. 5 ـ شۆخ کاوە.

8



یاریزانانی یانەی هۆفنهایمی ئەڵمانی پشتگیری پێشمەرگەی کوردستان دەکەن

2



"نابێ یاری کۆتایی جامی شای ئیسپانیا ئەنجام بدرێت"

3«

پەرگلایدەر

**زەینەب شوان**

بۆ یەکەمجار لە عێراق و کوردستان، پاڵەوانیەتی فڕۆکەوانی هەوایی (پەرگلایدەر) بۆ هەڵبژاردەی عێراق لە شاری کۆیە و لە بەرزاییەکانی هەیبەت سوڵتان ئەنجام دەدرێت. ئەو پاڵەوانیەتییە کە بە سەرپەرشتی دەستەی گشتی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری کۆیەو لە ژێر چاودێری یەکێتی مەڵبەندی ئاسمانی عێراق بەڕێوەدەچێت، لە ڕۆژانی 28 تاوەکو 2015/5/30 بەردەوام دەبێت. لەم پاڵەوانیەتییەدا 5 یانەی ئاسمانی و ڕێکخراوێکی تایبەت بە وەرزشی ئاسمانی بەشداری ململانێیەکان دەکەن.

# زێرەڤانی سێیەم وەرزە لەسەریەک دەبێتە پاڵەوانی کوردستان



## سلێمان ڕەمەزان نهێنییەکانی سەرکەوتنی تیپەکەی ئاشکرادەکات و تۆمەتەکان ڕەتدەکاتەوە

**ئەرسەلان عەبدوڵڵا**
**رووداوی وەرزشی ـ دهۆک**

یانەی زێرەڤانی بۆ وەرزی سێیەمی لەسەریەک بووە پاڵەوانی خولی نایابی کوردستان و ڕاهێنەری تیپەکەش نهێنییەکانی سەرکەوتنی تیپەکەی ئاشکرادەکات، هەروەها ئەو تۆمەتانە ڕەتدەکاتەوە کە ئاراستەی یانەکەی دەکرێن، گوایە ئەنجامی چەند یارییەکیان کڕیوە.

کۆتایی هەفتەی ڕابردوو، وەرزی 2014 ـ 2015ی خولی نایابی کوردستان لە تۆپی پێ کۆتاییهات و یانەی زێرەڤانی، بۆ وەرزی سێیەمی لەسەریەک نازناوەکەی بەدەستهێنا.

وەرزی ئەمساڵی نایابی کوردستان ڕکابەرییەکی زۆری بەخۆیەوەبینی و جیا لە خولی زۆر وڵاتی دیکە، لە دواهەفتەدا ناسنامەی پاڵەوان دەرکەوت، دوای ئەوەی ڕکابەرییەکی بەهێز لە نێوان هەردوو یانەی زێرەڤانی و دهۆکدا هەبوو.

هاوکات تاکو هەفتەی پێشکۆتایی خولەکەش، یانەی نەورۆز لە ململانێدابوو بۆ بەدەستهێنانی نازناوەکە.

سلێمان ڕەمەزان ڕاهێنەری زێرەڤانی لەبارەی وەرزی ئەمساڵ بۆ رووداوی وەرزشی قسەی کرد و گوتی «ڕکابەرییەکی زۆر بەهێز لەم وەرزەدا تا دواهەفتە هەبوو، بەتایبەتی لە نێوان زێرەڤانی، دهۆک و نەورۆز، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بەهێزیی خولەکە، جیاوازتریش بوو لە وەرزەکانی ڕابردوو.

### زێرەڤانی لە وەرزی ئەمساڵ و نهێنییەکانی سەرکەوتن

وەرزی ئەمساڵ بە بەشداریی 13 یانە بەڕێوەچوو، دوای ئەوەی یانەی بروسک پێش دەستپێکردنی خولەکە خۆی کێشایەوە.

زێرەڤانیی پاڵەوان، ئەم وەرزە لە کۆی 24 یاریدا 13 بردنەوە، 9 یەکسانبوون و 2 دۆڕانی هەبوو، هەروەها زۆرترین گۆڵیان تۆمارکرد کە 39 گۆڵ بوو، 20 گۆڵیشیان لێ تۆمارکرا.

سلێمان ڕەمەزان دەڵێت: «دوو وەرزە کەمترین دۆڕاندنمان هەیە، هەروەها ئەم وەرزە زۆرترین گۆڵمان هەبوو، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بەهێزیی و شایستەیی ئێمە».

ڕاهێنەری زێرەڤانی نهێنیی سەرکەوتن و ئاستبەرزیی تیپەکەی بۆ (رووداوی وەرزشی) ئاشکرادەکات «چەند خاڵێک هەبوو کە نهێنیی سەرکەوتنەکانی ئێمەن، لەوانە یەکگرتوویی و دڵسۆزیی لەنێوان کارگێڕیی و ستافی مەشق و یاریزانان، هەروەها ئێمە هەر یارییەکمان وەکو یاریی کۆتایی سەیرکردووە، جیا لەوەش بیرکردنەوەی ئێمە لەسەر تەواوی خولەکە بووە و دوور سەیرمانکردووە، بۆیە هەندێجار بە یەکسانبوون ڕازیبووین لە پێناو مانەوەمان لە نێو ڕکابەرییەکاندا، لە هەمووشی گرنگتر، ئەزموونێکی زۆرمان لەسەر ڕکابەرییەکان پەیداکردووە، بە تایبەتی دوای ئەوەی لە دوو وەرزی ڕابردوودا بووینە پاڵەوان.

سلێمان ڕەمەزان ڕەتیدەکاتەوە تیپەکەی باشترین یاریزانان و زۆرترین توانای هەبووبێت، ئەو دەڵێت «ئێمە لە چاو تیپەکانی دیکە کەمترین یاریزانمان هەبووە، 21 یاریزانمان هەبوو، کە 5-6 یاریزانیشمان لاون بوون، لە کاتێکدا تیپ هەبووە دوو پێکهاتەی سەرەکی هەبووە، هەروەها ئێمە 4 یاریزانی دەرەوەی دهۆکمان هەبوو، کە هونەر و بیلال، موئەیەد و دواتریش هۆزانمان هێنایەوە».

### عەیبە ئەو قسانە دەکرێت

لە هەفتەی کۆتایی خولەکە و دوای تەواوبوونیشی، دەنگۆ و مقۆمقۆی ئەوە لەلایەن هاندەری هەندێک یانە بڵاوکرایەوە، گوایە زێرەڤانی ئەنجامی چەند یارییەکی کڕیوە.

ڕاهێنەری زێرەڤانی لە وەڵامدا گوتی «عەیبە ئەو قسانە دەکرێت، خولەکە دواهەفتە یەکلانەبووەوە، ئەنجامی یارییەکانی دواهەفتە، بە تایبەتیی یاریی ئێمە و سلێمانی و کەرکووک و دهۆک، ڕاستترین بەڵگەیە کە شتێکی وا ڕوونەداوە».

هەروەها پێیوایە: ئەوانەی ئەو پڕوپاگەندانە دەکەن، بڕوایان بە تواناکانی خۆیان نییە و هەروەها هەوڵیانداوە شەڕی دەروونی لەگەڵ ئێمەدا بکەن، پاشان یارییەکانی کۆتایی ئێمە لەگەڵ هەولێر، کەرکووک، سلێمانی بووە، ئایە ئەو یانانە لەو ئاستەن، کە بە کارێکی وا ڕازیبن.

### گلەیی و ڕەخنەکان لەم وەرزەدا

ڕاهێنەری زێرەڤانی گلەیی لە ئاستی ناوبژیوانانی کوردستان دەکات و دەڵێت: لە دنیادا پزیشک و پارێزەر و کەسایەتیی بوارەکانی دیکە، ڕوو لە کاری ناوبژیوانی دەکەن، بەڵام لە کوردستان بواری ناوبژیوانی بۆ هەموو کەسێک کراوەیە، بۆیە پێویستە ئەمە گۆڕانکاریی تێدابکرێت، هەروەها داواکارم یەکێتیی تۆپی پێ کار لەسەر کەموکوڕییەکانی ئەم وەرزە بکات و پێش هاتنی وەرزی نوێ، چارەی بکات، لەگەڵ ئەوەشدا پێمواییە خولەکە زۆر بەڕێکوپێکی بەڕێوەچوو، تەنانەت زۆر لە خولی عێراق ڕێکوپێکترە، بە تایبەتی لە ڕووی کاتی یارییەکان و یاریگەکانەوە.

ڕەمەزان ئاماژە بەوەدەکات، پێویستە گرنگی زیاتریی میدیایی بە خولی نایاب بدرێت و پێشنیازیش دەکات لە وەرزی داهاتوودا لە هەر یاریگەیەکدا شوێنێک بۆ کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی بۆ ڕاهێنەر و یاریزانان هەبێ، کە پێی وایە بایەخی زیاتر بە خولەکە دەدات و ڕووخساری خولەکەش جوانتر دەکات.

### زێرەڤانی لە وەرزی داهاتوو

عەزیز وەیسی فەرماندەی فەرماندەیی هێزی زێرەڤانی، کە پاڵپشتیی یانەی زێرەڤانی دەکەن، لە لێدوانێکدا بۆ رووداو، ڕایگەیاند پێشبینی دەکات وەرزی داهاتووش زێرەڤانی پاڵەوان بێت،

سلێمان ڕەمەزانیش دەڵێت: ئەوە هیوای ئێمەیە و کاری بۆ دەکەین، بەڵام هێشتا زووە بڕیار بدەین، چونکە نازانین تاکو وەرزی داهاتوو بارودۆخە چۆن دەبێت.

### سلێمان ڕەمەزان وەڵامی ڕەخنەگرانی دەداتەوە

ڕاهێنەری زێرەڤانی کە چوار وەرزە لەگەڵ تیپەکەیدا کاردەکات، شانازی بەخۆیەوە دەکات کە سێ وەرزە دەبێتە پاڵەوانی کوردستان و دەڵێت «هەندێ کەس گومانیان لە تواناکانی من هەیەو پێیانوایە یاریزانەکان هۆکاری سەرکەوتنەکانی تیپەکەن، بەڵام من ئەوەتان بیردەهێنمەوە، لە یەکەم وەرزی کارکردنماندا لەگەڵ تیپەکە، لە نیوەی وەرزەوە دەستبەکاربووم، کە تیپەکە لە دواپلەی ڕیزبەندی بوو، 9 خاڵیشی هەبوو، لە قۆناخی دووەمدا تیپەکەم وەرگرت و بەهەمان پێکهاتەی یاریزانانەوە، گەیاندنمە پلەی شەشەم و تەنیا لەو قۆناخدا 26 خاڵم بەدەستهێنا، کە دوای ئەوەش بۆ سێ وەرزی لەسەریەکە دەبینە پاڵەوان و کەمترین شکستیشمان هەبووە، بۆیە من شانازی دەکەم».



# یاریزانانی هۆفنهایم پشتگیری پێشمەرگەی کوردستان دەکەن

**تایبەت بە رووداوی وەرزشی**

یاریزانانی یانەی هۆفنهایمی خولی بۆندسلیگای ئەڵمانی پشتگیری خۆیان بۆ پێشمەرگەی کوردستان ڕادەگەینن و بازنەی پشتگیر پێشمەرگە لەدەست دەکەن.

ئەو هەڵمەتەی دەزگای ڕوانگە بۆ پشتگیری پێشمەرگەی کوردستان ئەنجامیدا، کە بریتیبوو لە لەدەستکردنی بازنەیەک کە لەسەری نووسرابوو «پشتگیری پێشمەرگە دەکەین»، سنوورەکانی کوردستانی بەزاندو گەیشتە خولی بۆندسلیگای ئەڵمانی. وەک لەم وێنەیەدا دیارە چەند یاریزانێکی یانەی هۆفنهایمی ئەڵمانی بە لەدەستکردنی ئەو بازنەیە پشتگیری خۆیان بۆ پێشمەرگەی کوردستان ڕادەگەینن.

ئەو بازنەیە لە ڕێگەی ژیلوان حەمەدی یاریزانی کوردی نێودەوڵەتی بە یاریزانانی هۆفنهایم گەیێنراون، کە یاریزانی ئەو یانە ئەڵمانییەو ئێستا بەشێوەی خواستن یاری بۆ یانەی ستاندار لیاجی بەلجیکی دەکات.

یانەی هۆفنهایم لەم وەرزەی بۆندسلیگادا توانی بە کۆکردنەوەی 44 خاڵ پلەی هەشتەمی ڕیزبەندی یانەکانی ئەڵمانیا دەستەبەر بکات.



لە مۆندیالی ژناندا..

# کچێکی عێراقی سەرکردایەتی ئوستralیا دەکات



**هەرێز جەمال**
**رووداوی وەرزشی ـ سلێمانی**

هەڵبژاردەی ئافرەتانی ئوستralیا پێکهاتەی کۆتایی بۆ جامی جیهانی تۆپی پێی ئافرەتان ڕاگەیاند کە لە هەفتەی داهاتوودا لە وڵاتی کەنەدا دەستپێدەکات.

بۆ جاری دووەم لە مێژووی جامەکە یاریزانێکی بە ڕەگەز عێراقی بانگهێشتی هەڵبژاردەی ئوستralیای پشکدار لە جامەکە کراوە کە سەرکردایەتی هێڵی پێشەوەی کەنگەرەکان دەکات.

بە گوتەی غەیس موهنا، ڕۆژنامەنووس و ڕێکخەری هەڵبژاردە عێراقییەکان لە وڵاتی ئوستralیا بۆ (رووداوی وەرزشی)، لینا بۆ هێڵی پێشەوەی هەڵبژاردەی کەنگەرەکان بانگهێشتکراوە، کە بە ڕەگەز خەڵکی عێراقەو لە یانەی سیدنی ئوستورالیش یاریدەکات. ئەو ڕۆژنامەنووسە هەروەها دەڵێت «لینا خوشکێکیشی لە هەمان یانە لەسەر ئاستی لاوانەکەی یاری دەکات و وەک گۆڵچی بەرگری لە تۆڕی یانەکەی دەکات».

لینا، ساڵی 1986 لە ئوستralیا لەدایکبووە، ئەو دایک و باوکی لە عێراق لە دایکبوون و لە پێکهاتەی ئاشوورییەکانن، لینا لە وڵاتی کەنگەرەکان ناوێکی ناسراوە،یانەکەی، SYDNEY FCپێشەنگی خولی ئەو وڵاتەیە. پێشتریش لینا لە خولی دانیمارکی یاریکردووە و دووجاریش نازناوی خولی ئوستralیا بردووەتەوەو جارێکیش توانیویەتی نازناوی جامی ئاسیا بۆ ئافرەتان بباتەوە.







خەڵاتی جۆراوجۆر
ئەم هەینییە و هەموو هەینییەك

3 خولەك بەبەردەوامی لەناوتۆڕ قسە بكە لە ڕۆژی هەینی پاشان بەخۆڕایی كورتەنامەیەكی بەتاڵ بنێرە بۆ 232 و پەیوەندی خۆڕایی بۆ ناوتۆڕ بەدەستبێنە لە شەوی هەینی لە كاتژمێر 10:00 بۆ 11:00ی شەو.
ئەم ئۆفەرە تەنها ڕۆژانی هەینی بەردەست دەبێت لە هەموو پارێزگاكانی عێراق و بۆ سەرجەم بەشداربووانی كورەك، پریپەید و پۆستپەید.

بوێربە خەون ببینە

411
korektel.com

KOREK

ژمارە (352) سێشەممە 2015/5/26

## بە پەرۆشە



ڕۆژنامەی AS‌ی ئیسپانی ئاشکرایکرد کە ڕافایێل بینیتێزی ڕاهێنەری ئیسپانی یانەی ناپۆلی ئیتاڵی زۆر بە پەرۆشەوە لە چاوەڕوانی بەرپرسانی یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانیدایە داوای لێبکەن ئەرکی مەشقەکانی یانەی شاهانە وەربگرێت و لەو بارەوە نووسیویەتی «بینیتێز نایەوێ لەگەڵ ناپۆلی بمێنێتەوە بەهۆی پەیوەندییە خراپەکانی لەگەڵ سەرۆکی یانەکە. بۆیە بە پەرۆشەوە چاوەڕێی تەلەفۆنی بەرپرسانی ڕیال مەدریدە بۆ ئەوەی بیکەنە ڕاهێنەری یانەکەیان، کە بەمدواییە هەندێک لە ڕۆژنامەکان باسیان لە ئەگەرەکانی جێگرتنەوەی کارلۆ ئەنچیلۆتی لەلایەن بینیتێزەوە کردووە».



### 3 وەرزە لە 40 گۆڵ زیاتر تۆماردەکات..

# ڕیال سوودی لە درەوشانەوەی ڕۆناڵدۆ وەرنەگرتووە

**ئا: ئیحسان تاهیر**

ڕۆژنامەیەکی ئیسپانی، کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی بە ئیمپراتۆرێکی بێ نیشتیمان وەسف دەکات، وەک دەربڕینێک بۆ ئەو ڕاستییەی کە یانەی شاهانە نەیتوانیوە سوود لە توانا خەیاڵییەکانی ڕۆناڵدۆ وەربگرێت.

ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی ڕاپۆرتێکی بڵاوکردووەتەوە، کە دەریدەخات چ ستەمێک لە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی کراوە، بەهۆی ئاستی خراپی تیپەکەی بە بەراورد بە ئاستی ڕۆناڵدۆ. ڕۆژنامەی مارکا شکستی ڕیال مەدریدی لە ماوەی درەوشانەوەی ڕۆناڵدۆ باشترین هێرشبەری لە مێژووی تیپەکە لە ماوەی 6 وەرزی لەدوای یەک دەرخستووە، ئەوەش بەهۆی خراپی ئاستی هێڵی دواوەی تیپەکەیە.

مارکا باسی درەوشانەوەی بەرچاوی ڕۆناڵدۆ دەکات لەگەڵ ڕیال مەدرید، کە لە 5 وەرزدا 30 گۆڵ زیاتری تۆمارکردووە، هەروەها زیاتر لە 40 گۆڵی لە 3 وەرز تۆمارکردووە، بۆ جاری سێیەمیش بووە گۆڵکاری لیگا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕیال مەدرید نەیتوانیوە سوود لەو درەوشانەوەیە وەرگرێت و تەنیا یەکجار خولی ئیسپانیای بەدەستهێناوە، کە لە وەرزی 2011 ـ 2012 بوو.

مارکا، کە زۆر نزیکە لە ماڵی مەدریدی، کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی بە لیۆنێل مێسی بەراورد کردووە، کە لە سەردەمی ڕۆناڵدۆدا ئەو ئەستێرە ئەرجەنتینییە 4 جار نازناوی لیگای بەدەستهێناوە، ئەوەش بۆ بەهێزی بارسێلۆنا دەگەڕێتەوە. هەروەها ڕیال مەدرید لە ماوەی ئەو 6 وەرزەی ڕۆناڵدۆ لە ریزەکانی یاری دەکات توانیویەتی بەریەستی 100 گۆڵ تێپەڕێنێت، ئەوەش بەهۆی ئەو گۆڵە زۆرانەیە کە ڕۆناڵدۆ تۆماری کردوون، کە 226 گۆڵە لە 6 وەرزدا.

مارکا بەراوردێکی دیکەی لە نێوان ئاستی ڕۆناڵدۆ لە هێڵی هێرشبردن و هێڵی بەرگری ڕیال مەدرید کردووە، لەو 6 وەرزەی دۆن لە ڕووی گۆڵ تۆمارکردنەوە درەوشاوە بوو، هیچ وەرزێک گۆڵچی ڕیال مەدرید نەیتوانیوە خەڵاتی زامۆرا بەدەستبێنێت، کە ساڵانە بەو گۆڵچییە دەدرێت کە کەمترین گۆڵی لێ تۆماردەکرێت، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر لاوازی هێڵی بەرگری تیپەکە. لە وەرزی ئەمساڵدا ژمارەی گۆڵەکانی ڕیال مەدرید لە ژمارەی گۆڵەکانی بارسێلۆنا زیاترە، بەڵام ژمارەی ئەو گۆڵانەی کاسیاس و ناڤاس لێیان کراوە 38 گۆڵ، جیاوازیەکەی 17 گۆڵە لەوەی لە گۆڵی کلاودیۆ براڤۆی گۆڵچی بارسێلۆنا کراوە، هەر ئەوەندە نا بەڵکو هێڵی بەرگری ڤالێنسیا، ڤیاریال و ئەتلەتیکۆ مەدرید لە هێڵی بەرگری ڕیال مەدرید بەهێزتر بوون.

### ڕۆناڵدۆ متمانەی بە ڕیال مەدرید نەماوە

مارکا لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەیدا دووپاتیدەکاتەوە، ڕیال مەدرید بە بوونی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ لە ریزەکانیدا دەرفەتێکی مێژوویی لەدەستداوە، چونکە یاریزانی هاوشێوەی ئەو بەردەوام دووبارە نابنەوە. لە لایەکی دیکەوە چەندین ڕاپۆرتی ئیسپانی، باسی ئەو بێهیواییە دەکەن کە ڕۆناڵدۆ هەستی پێدەکات، بەهۆی دەرچوونی تیپەکەی بە دەستبەتاڵی لەو وەرزەدا. ڕۆژنامەی AS ئاشکرایکردووە ڕۆناڵدۆ هەست بە ئازارێکی زۆر دەکات، بەهۆی ئەو کەلێنە گەورەیەی لە نێوان گۆڵە زۆرەکانی و دەرچوونی تیپەکەی بەبێ نازناو لەو وەرزەدا هەیە، بۆیە ڕۆناڵدۆ داوای لە تیپەکەی کردووە پێویستە پلانێکی گونجاو دابنێت، کە گرەنتی بەدیهێنانی سەرکەوتن و نازناوەکان بۆ تیپەکە ببەخشێت، هەروەها ڕۆژنامەکانی مەدرید ئاماژەیان بەوە کردووە ڕۆناڵدۆ لەوەتەی لە ئاهەنگی لەدایکبوونەکەی هێرشی کراوەتە سەر، کە شەوی دۆڕانە گەورەکە بوو بەرامبەر ئەتلەتیکۆ مەدرید بە 4 گۆڵی خاوێن زۆر توورەیە، چونکە یانەکەی داکۆکی لێنەکردووە، هەر بۆیە ڕۆناڵدۆ دوای ئەوەی ئەو گرێبەستەی خەیاڵییەی لەلایەن یانەی پاریس سانجێرمانەوە پێیگەیشتووە، بیر لە ڕۆیشتن دەکاتەوە و دوور نییە لەهەر کاتێک سانتیاگۆ برنابیۆ جێبهێڵێت.

ڕۆژنامەی مارکا باس لەوە دەکات سەرۆکی ڕیال مەدرید دەیەوێ کار لەسەر چارەکردنی کێشەیەکی چاوەڕوان نەکراو بکات، کە زۆر گرنگە ئەویش کێشەی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆیە کە متمانەی بە پرۆژەی ڕیال مەدرید نەماوە.

### شەیتانەکان نایانەوێ

هەرچەندە پاریس سانجێرمان گرێبەستێکی خەیاڵی پێشکەشی ڕۆناڵدۆ کردووەو هەندێکیش باس لەوە دەکەن کە ڕۆناڵدۆ دەیەوێ بچێتە یانەیمانچستەر سیتی ئینگلیزی، بەڵام هەندێک لە سەرچاوەکانی نزیک لە ماڵی مەدریدی دەڵێن «ڕۆناڵدۆ حەزی لە گەڕانەوەیە بۆ ریزەکانی یانە کۆنەکەی، مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی». بەڵام وادیارە ئەمە مەحاڵە، چونکە ڕۆژنامەی مارکا نووسیویەتی «مەحاڵە ڤان گالی ڕاهێنەری یانەی شەیتانە سوورەکان ڕێگە بدات ڕۆناڵدۆ بگەڕێتەوە ریزەکانی یانەکەی». ئەو ڕۆژنامەیە باس لەوە دەکات کە بەرپرسانی یانەی شەیتانە سوورەکان حەزدەکەن ڕۆناڵدۆ بگەڕێننەوە ماڵە کۆنەکەی، بەڵام وەک خۆی نووسیویەتی «ڤان گال هۆشداری داوەتە بەرپرسانی یانەکەی کە بەهیچ شێوەیەک بیر لە هەنگاوێکی لەو جۆرە نەکەنەوە». هەروەها نووسیویەتی «ڤان گال بە بەرپرسانی مانچستەر یونایتدی گوتووە گەڕاندنەوەی ڕۆناڵدۆ مەحاڵە، من پێویستیم بە گاریس بەیلە». مارکا هۆکارەکانی ئەو ڕەتکردنەوەی ڕۆناڵدۆ لەلایەن ڤان گالەوە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە ڤان گال لە تەمەنی ڕۆناڵدۆ دەترسێت، کە سەرووی 30 ساڵە و پێیباشە گاریس بەیڵ بکاتە ئەستێرەی یەکەمی یانەکەی. هەروەها ڕۆژنامە مەدریدییەکە لەو بارەوە نووسیویەتی «ڤان گال مەترسی ئەوەش لەبەرچاو دەگرێت کە هاتنی ڕۆناڵدۆ بۆ مانچستەر یونایتد پێویستی بە بڕینەوەی مووچەیەکی گەورە بۆ ئەو ئەستێرە پورتوگالییە هەیە، ئەوەش دەبێتە هۆکارێک بۆ ناڕەزایی و توورەبوونی یاریزانانی دیکەی ئەو یانەیەو بە بێ شک کار لە لایەنی دەروونیان دەکات و دوورنییە کێشەش لە ژووری جلگۆڕین بێنێتەوە».

> «ڤان گال ڕێگە نادات ڕۆناڵدۆ بگەڕێتەوە ماڵە کۆنەکەی»

### هەنگاوێکی ماوە بگاتە ناو شەیتانەکان..

# بەیڵ دەبێتە پیاوی یەکەمی مانچستەر یونایتد

**ڕووداوی وەرزشی ـ MU4**

مارک ئۆجدین، ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئینگلیزی ڕایگەیاند، گاریس بەیڵ یاریزانی ویڵزی یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی، لە ماوەی گواستنەوەی هاوینەی داهاتوودا ڕوودەکاتە یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی و لەلایەن ڤان گالی ڕاهێنەرەوە دەکرێتە ئەستێرەی یەکەمی یانەکە.



گۆڤاری مترۆی بەریتانی لێدوانەکانی ئەو ڕۆژنامەنووسەی بڵاوکردەوە، کە بۆ کەناڵی مانچستەر یونایتد داویەتی و ئاماژە بەوە دەکات، خێزانەکەی بەیڵ بۆ ژیان بەسەربردن گەڕاوەتەوە ئینگلتەرا. ئۆجدین دەڵێت «مانچستەر یونایتد بەیڵی دەوێ و ئەوان پارەیان هەیە بیکڕن، ڕەوشی چیانی بەیڵیش وادەخوازێت بچێتە ئەو یانەیە». هەروەها دەشڵێت «کچە دۆستەکەی و کچەکەی بەیڵ گەڕاوەنەتەوە ئینگلتەرا بۆ ئەوەی لەوێ ژیان بەسەر ببەن».

ئەوەی ئەگەرەکانی گەڕانەوەی بەیڵ بۆ پریمەرلیگ زیاتر دەکات ئەوەیە کە ئەندامێکی خانەوادەکەی بەیڵ لێدوانی بۆ ڕۆژنامەی دەیلی ئێکسپرێسی ئینگلیزی داوە و دووپاتیدەکاتەوە «بەیڵ ئارەزوو دەکات لە هاوینی داهاتوودا لە تیپەکەی ڕاهێنەر لویس ڤان گال یاری بکات».

مارک ئۆجدینی ڕۆژنامەنووس لەوەش زیاتر باسی ئەو پرسە دەکات و دەڵێت «ڤان گال زۆر سەرسامە بە بەیڵ و دەیەوێت بیکاتە پیاوی یەکەمی شەیتانە سوورەکان».

ئەگەر بەیڵ بچێتە یاریگای ئۆڵدترافۆرد، پێویستە شەیتانە سوورەکان 80 ملیۆن پاوەند بژمێرن، بۆ ئەوەی لە وەرزی داهاتوودا لایەنی هێرشبردنی تیپەکەیان بەهێز بکەن. ئەمە لە کاتێکدایە کە یانەی چێڵسیش چاوی لە تواناکانی بەیڵ بڕیووە، کە نەیتوانیوە یارمەتی ڕیال مەدرید بدات لە وەرزی ئەمساڵ هیچ نازناوێک بەدەستبێنێت، دوای ئەوەی لە وەرزی یەکەمی لەگەڵ یانەکە توانی 4 نازناو بەدەستبێنێت.

ڕۆژنامەی دەیلی ستاری ئینگلیزیش دووپاتیدەکاتەوە کە 3 یاریزان پاڵێوراون یانەی مانچستەر یونایتد جێبهێڵن، ئەوانیش ڕادامیل فالکاو، چیچاریتۆ و ئەنخێل دی ماریا، ئەوەش بۆ ئەوەیە پارەی پێویست بۆ کڕینی گاریس بەیڵ دابین بکات، کە پێدەچێت نرخەکەی بگاتە 110 ملیۆن یۆرۆ.

### لە ترسی سووکایەتیکردن بە پادشای ئیسپانیا و مارشی نیشتیمانی..

# «نابێ یاری کۆتایی جامی شای ئیسپانیا ئەنجام بدرێت»

**ڕووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

سەرۆکی پارتی میللی دەسەڵاتدار لە ئیسپانیا و پاڵێوراو بۆ پۆستی سەرۆکی شارەداری مەدرید، خاتوو ئیسپیرانزا ئەگیری، جارێکی دیکە داوایکرد ڕێگە نەدرێت هەردوو یانەی بارسێلۆنای سەر بە هەرێمی کەتالۆنیا و ئەتلەتیک بلباوی سەر بە هەرێمی باسک یاری کۆتایی جامی شای ئیسپانیا ئەنجام بدەن.

بەر لە ماوەیەک ئەو خاتوونە مشتومڕێکی زۆری لە نێوەندی وەرزشی لەو وڵاتە نایەوە، کاتێک داوایکرد ڕێگە نەدرێت لە داهاتوودا هەردوو یانەی بارسێلۆنا و ئەتلەتیک بلباو بەشداری لە جامی شای ئیسپانیا بکەن. بە بیانووی ئەوەی دوو یانەی دوو هەرێمی جیاخوازی ئیسپانیان و هەردووکیان داوای جیابوونەوە لە ئیسپانیا دەکەن.

لە کاتێکدا کە ڕۆژی شەممە 2015/5/30 لەسەر یاریگەی کامپ نو یاری کۆتایی جامی شای ئیسپانیا لەنێوان هەردوو یانەی بارسێلۆنا و ئەتلەتیک بلباو بەڕێوەدەچێت، ئەگیری داوای ڕێگەگرتن لە بەڕێوەچوونی ئەو یارییە کردەوەو گوتی «وەکجاران هاندەرانی هەردوو یانە ئەو بۆنەیە دەقۆزنەوە بۆ ئەوەی ڕقلێبوونەوەی خۆیان بۆ ئیسپانیا و ئیسپانییەکان دووپات بکەنەوە و فیکەی گاڵتەپێکردن لە دژی مارشی نیشتمانیی و دژی پادشا لێبدەن». ئەگیری جەختی لەوە کردەوە، هاووڵاتیان لە ئیسپانیا مافی خۆیانە لە ڕووداوێکی وەرزشی دووبارەدا سەرکۆنە نەکرێن، کە ئاماژەیە بۆ یاری کۆتایی ساڵی 2012 لە نێوان هەردوو تیپ، کە جەماوەر لە کاتی لێدانی مارشی نیشتمانیی فیکەیان لێدەدا و هوتافی دژ بە پادشایان دەکێشا، کە خۆی و خانەوادەکەی ئامادەی یارییەکە بوون.

ئەگیری داوادەکات چاو لە سەرۆکی پێشووی فەرەنسا، نیکۆلا سارکۆزی بکرێت، کە لە سەردەمی سەرۆکایەتی خۆیدا ڕێگەی نەدەدا وڵاتانی باکووری ئەفریقیای وەک مەغریب، تونس و جەزائیر لەسەر خاکی فەرەنسا یاری بکەن، چونکە جەماوەرکانیان لە کاتی لێدانی مارشی نیشتمانیی فەرەنسا فیکەیان لێدەدا.

هەردوو یانەی بارسێلۆنا و ئەتلەتیک بلباو زۆرترین جار نازناوی جامی شای ئیسپانیان بەدەستهێناوە، بارسا 26 جار و بلباویش 23 جار.



ڕووداو وەرزشی
ژمارە (352) سێشەممە 2015/5/26



## درۆیە

خۆرخی هیگواینی باوکی گۆنزالۆ هیگواینی هێرشبەری ئەرجەنتینی یانەی ناپۆلی ئیتالی هەموو ئەو هەواڵانەی بەدرۆخستنەوە کە باس لە ویستی کوڕەکەی بۆ ڕۆیشتن لە ریزەکانی ناپۆلی دەکەن و لەو بارەوە گوتی «درۆیە، هیگواین بەهیچ شێوەیەک نایەوێ لە ناپۆلی بڕوات، سەرەڕای ئەوەی گرێبەستی لە چەندین یانەی ئەوروپییەوە پێگەیشتووە، بەڵام لەبەرئەوەی گۆنزالۆ لەگەڵ ناپۆلی دڵخۆشە، دەیەوێ ڕێز لە گرێبەستەکەی بگرێت، کە ماوەکەی لەگەڵ ناپۆلی هێشتا 3 ساڵی ماوە».

## 100 گەڕان بەدوای یاریزانانی کورد لە هەندەران

لە ئەوروپا و زۆر شوێنی دیکەی جیهاندا بەهرەی وەرزشیی کورد زۆرن، بەتایبەتیش بەهرەی تۆپی پێ، کە لەبەر چەند هۆکارێک لەوانەیە هێشتا زۆر لە خەڵکی کوردستان ئاشنایەتی لەگەڵیاندا نەبێت، بەتایبەتیش کە زۆر لەو بەهرانە لە هەندەران لەدایکبوونە یاخود بە منداڵیی لەگەڵ خێزانەکانیان لە کوردستانەوە بەرەو هەندەران کۆچیان کردووەو لەوێ پێگەیشتوون. (ئەیاس لێڕی) بە هاوکاری (ڕووداوی وەرزشی) ئەرکی گەڕان بەدوای ئەو بەهرانەی لەئەستۆگرتووە، کە پەنا بەخوا لەهەر ژمارەیەکی (ڕووداوی وەرزشی)دا یەکێک لەو بەهرانە بە خوێنەران دەناسێنین.

ئا: ئەیاس لێڕی



ناو: موقبیل هونەرپەژوو
شوێنی لەدایکبوون:
بۆکان ـ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
بەرواری لەدایکبوون:
1983
بەرواری کۆچی دوایی: 15/11/2007
یاری: شاخەوانی

## موقبیل هونەرپەژوو..


## گەنجترین شاخەوانی بەناوبانگ لەسەر ئاستی جیهان

موقبیل هونەرپەژوو، لە ساڵی 1983 لە شاری بۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە. لە ساڵی 1998 لەسەر شاخەکانی بەردەزەرد و تەرەغە دەستی بە چالاکی خۆی لە بواری وەرزشی شاخەوانی کردووە.

موقبیل هونەرپەژوو، لە ساڵی 2001 بووەتە ئەندامی یانەی نەتەوەیی شاخەوانی ئێران. لە ساڵی 2003 لەگەڵ محەممەد ئەوراز، کە خاوەنی چەندین مەدالیای گرنگی جیهانی بوو، هەروەها چەندین بڕوانامەی پسپۆڕانە و شانازی گەورەی بەدەستهێنابوو، لە میانەی بەرنامەی سەرکەوتن بۆ لوتکەچیای «گاشێربرۆمی یەک» بە بەرزایی 8060 مەتر لە هیمالیای وڵاتی پاکستان، کە یازدەیەمین لوتکەی بەرزی جیهانە، لە بەرزایی 7900 مەتری لە مەودایەک کە تەنیا 160 مەتریان بۆ لوتکە مابوو، بەهۆی هاتنە خوارێی بارنی بەفر هەتا بەرزایی 7300 مەتری کەوتنە خوارێی و هەردووکیان بە سەختی بریندار بوون. ئەوکات محەممەد ئەوراز کاپتنی یانەی نەتەوەیی شاخەوانی ئێران بوو. محەممەد ئەوراز 20 ڕۆژ دوای ئەم کارەساتە لە نەخۆشخانەی سەفا لە شاری ئیسلام ئاباد لە وڵاتی پاکستان کۆچی دواییکرد. بەڵام موقبیل ڕزگاری بوو. لە گرنگترین چالاکییەکانی موقبیل لە ساڵی 2002 لەگەڵ یانەی نەتەوەیی شاخەوانی ئێران چووە سەر لوتکەی شاخی لۆتسە بە بەرزایی 8516 مەتر، کە چوارەمین لوتکەی بەرزی جیهانە لە هیمالیای وڵاتی نیپال.

موقبیل، لە ڕووی تەمەنەوە وەک گەنجترین شاخەوانی سەرکەوتووی لۆتسە. ریکۆردێکی تازەی لەسەر ئاستی جیهاندا بە ناوی خۆی تۆمارکرد و نازناوی لاوترین شاخەوانی سەرکەوتووی لوتکەچیای لۆتسەی لە جیهاندا پێبەخشرا. موقبیل هاوینی ساڵی 2004 لە وڵاتی پاکستان دوای هەوڵدان بۆ سەرکەوتن بە سەر لوتکەی بەرزی شاخی دیران پیک، بە بەرزایی 7260 مەتر، دوای یەک مانگ چالاکی بە سەر لوتکەی شاخی «ئیسپانتیک» بە بەرزایی 7035 مەتر سەرکەوت. هەروەها ساڵی 2005 وەک ڕاهێنەری یانەی شاخەوانی لاوانی وڵاتی ئێران بەسەر چیای ئاراراتی باکووری کوردستان سەرکەوت. لە ساڵی 2007 لە پۆستی ڕاوێژکاری سەرپەرشتیاری یانەی نەتەوەیی شاخەوانی ئێران بە مەبەستی سەرکەوتن بە سەر لوتکەی «برۆدپیک» چوونە وڵاتی پاکستان کە دوای دوو مانگ هەوڵ و چالاکیی تا بەرزایی 7100 مەتری ئەم شاخە سەرکەوتن.

موقبیل هونەرپەژوو خاوەنی دوو بڕوانامەی ڕاهێنەری شاخەوانی و سەهۆڵ و بەفر بوو، ئەو لە شارەکانی مەهاباد، بۆکان، دیواندەرە، سەقز، پیرانشار و شنۆ چەندین خولی فێرکاری لە بوارەکانی شاخەوانی و سەهۆڵ و بەفر بۆ شاخەوانانی ئەم شارانە بەڕێوەبردووە. موقبیل هونەرپەژوو کە خاوەنی نازناوی گەنجترین شاخەوانی جیهان و ئەندام و ڕاهێنەر و کاپتنی یانەی نەتەوەیی شاخەوانی وڵاتی ئێران بوو، لە ڕۆژی 2007/11/6 لە سەر شاخی بەردەزەردی شاری بۆکان لەگەڵ تیمێکی 10 کەسی لە شاخەوانانی لاوی ئەم شارە خەریکی کاری ڕاهێنان و پرۆڤەی سەخرەوانی بوو، لە بەرزایی 5 مەترییەوە کەوتە خوارێ. دوای ئەوەی 9 ڕۆژ لە حاڵی بێهۆشی تەواودا بوو، لە 2007/11/15 لە تەمەنی 24 ساڵیدا لە نەخۆشخانەی عارفیان لە شاری ورمێ کۆچی دوایی کرد و لەسەر کێوی بەردەزەردی بۆکان بەخاکسپێردرا.



## 2 ئەفسانەی لەدەستدا



نازناوی بەدەستهێناوە لەوانە: 8 لیگا، 2 جامی شا، 6 سوپەری ئیسپانیا، 3 چامپیۆنسلیگ، 2 سوپەری ئەوروپی و 2 مۆندیالی یانەکان، لەگەڵ 2 نازناوی جامی نەتەوەکانی ئەوروپا و یەک مۆندیال لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیسپانیا.

### ستیڤن جیرارد:

بە پێچەوانەی چاڤی، ستیڤن جیرارد یاریزانێکی سەرەکی لیڤەرپوول بوو لە وەرزی ئێستادا، بە کۆی 2146 خولەک لەگەڵ 6 یاری لە چامپیۆنسلیگ بە کۆی 471 خولەک.

### ساتی ماڵئاواییکردنی جیرارد

تۆماری جیرارد لە پریمەرلیگ تا ڕادەیەک باشبوو (هەرچەندە لە چاڤی کەمترە). جیرارد 8 گۆڵی تۆمارکردووە لەگەڵ یەک ئەسیست و 7 کارتی زەرد و یەک کارتی سوور. لە چامپیۆنسلیگیش جیرارد 2 گۆڵی تۆمارکرد و هیچ ئەسیستی نەبوو، لەگەڵ یەک کارتی زەرد. جیرارد لە کاروانی وەرزشیدا 11 نازناوی بەدەستهێناوە، لەوانە 2 جامی یەکێتی ئینگلتەرا، 2 جامی قەلغانی خێرخوازی، 3 جامی یانە پیشەگەرەکان، 1 چامپیۆنسلیگ، 1 خولی ئەوروپا و 2 سوپەری ئەوروپی، بەڵام هیچ نازناوی پریمەرلیگی بەدەستنەهێناوە.



لەبەرئەوەی لە زۆلا باشترە..


## هازارد ئەفسانەی داهاتووی چێڵسییە

ڕووداوی وەرزشی ـ THE SUN

جیان فرانکۆ زۆلا، ناوێکە و هاندەرانی چێڵسی گۆرانی بەسەردا دەڵێن. بەڵام ئایا دەزانی سەرەتای ئەستێرەی بەلجیکی ئیدین هازارد لەگەڵ چێڵسی زۆر لە سەرەتای زۆلا لەگەڵ یانەکەی باشترە؟. زۆلای ئەفسانەی چێڵسی ساڵی 1996 درێسی چێڵسی لەبەرکردو 7 ساڵ لە ریزەکانی مایەوە. ئیدین هازارد ئەو یاریزانە لێهاتووە درەوشاوەیە، کە ساڵی 2012 لە یانەی لیلی فەرەنسییەوە هاتە چێڵسی. هازارد هەر زوو سەلماندی لە توانای دایە ببێتە ئەفسانەی چێڵسی وەک چۆن جەماوەری چێڵسی بە زۆرلا دەڵێن، چونکە لە یەکەم 106 یاری لە خولی ئینگلتەرا بەپێش زۆلا لەهەمان ژمارەی یارییەکانی لەگەڵ یانەکە کەوت.

هازارد 8813 خولەک یاریکرد و 37 گۆڵی تۆمارکرد و 26 گۆڵی بۆ بلوز لە پریمەرلیگ دروستکرد، کەچی زۆلا 7981 خولەک یاریکرد و 30 گۆڵی تۆمارکرد، بە ڕێژەی گۆڵێک لەهەر 266 خولەکدا، هەروەها 24 گۆڵیشی دروستکرد.

ئامار و ژمارەکانی تۆڕی سکاپ سپۆرت ئاماژە بەوە دەدەن کە ئیدین هازارد دەبێتە ئەفسانەی چاوەڕوانکراوی چێڵسی. هازارد خەڵاتی باشترین یاریزانی ئەم وەرزەی پریمەرلیگی پێدرا، دوای ئەوەی ڕابەرایەتی چێڵسی کرد بۆ ئەوەی نازناوی پریمەرلیگ و جامی ڕابیتەی یانە پیشەگەرەکانی ئینگلتەرا بە دەستبێنێت.



تەنیا لەنێو یاریگەدا سپێشەڵ وەنە..

## مۆرینیۆ لە ماڵەوە سپێشەڵ فۆڕە



**ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC**

خۆزێ مۆرینیۆ، ڕاهێنەری یانەی چێڵسی ئینگلیزی، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەیەکی پورتوگالی دانی بەوەدا نا کە کەسایەتی خۆی لەنێو خێزانەکەی زۆر لەوە جیاوازە، کە خۆشەویستان و جەماوەری تۆپی پێ بەگشتی لە دەرەوە پێی ئاشنان و ئاشکرادەکات کە ئەو لە ماڵەوە شپێشەڵ فۆڕە نەک سپێشەڵ وەن.

مۆرینیۆ دانی بەوەدا نا هاوسەرەکەی ماڵتیدا و خۆسێی کوڕی و تیتای کچی لە ماڵەوە خاوەن بڕیاری یەکەمن و ئەو گەنگەشەی ئەو بڕیارانە ناکات، کە ئەوان سەبارەت بە کێشەکانی ژیانی ڕۆژانە دەریدەکەن "تاکە دەسەڵاتی من لە پۆستەکەمە وەک ڕاهێنەر، کە هەرگیز ڕازی نابم کەس دەست لە کاروبارەکانی من وەربدات، بەڵام لە ژیانی تایبەتی خۆمدا شتەکە تەواو پێچەوانەیە و بە ویستی هاوسەرەکەم و منداڵەکانم گوزەر دەکەم".

### بە فەرمانەکانی هەراسانیان ناکات

لە دانپێنانە تازەکەیدا سپێشەل وەن دووپاتیدەکاتەوە، کە دەگەڕێتەوە ماڵەوە هەرگیز هاوسەرەکەی و منداڵەکانی هەراسان ناکات و هەوڵدەدات لە شتە تایبەتییەکانی پشت بەخۆی ببەستێت، هەرچەندە کاری ڕۆژانەشی سەختەو دەڵێت "لە ماڵەوە داوای یارمەتی لە کەس ناکەم، من خۆم شتە تایبەتییەکانی خۆم ڕێکدەخەم، وەک ڕێکخستنی نووسینگەکەم و ڕێکخستنی جل و بەرگەکانم". لە قسەی پاڵەوانی ئینگلتەرا لەگەڵ چێڵسی دەردەکەوێ، ئەو بەڕاستی نایەوێ هیچ کەسێک هەراسان بکات، هەرچەندە ئەو یەکێکە لە پڕ داهاترین ڕاهێنەرەکانی جیهان و دەتوانێت بە ئاسانی خۆی ئەو شتە لاوەکیانە تێپەڕێنێت.

### پێچەوانەی بۆچوونەکانە

مۆرینیۆ لەسەر ئاشکراکردنی شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ خێزانەکەی بەردەوام دەبێت، بەشێوەیەکی ڕوون پشت بە نەرمی و ڕێزگرتن دەبەستێت، مۆرینیۆ دووپاتیدەکاتەوە ئامانج لەو شێوازە ڕاکێشانی خۆشەویستی نزیکترین کەسەکانی و پاراستنی یەکدەنگی نێوانیانە "بەردەوام هەوڵدەدەم مێرد و باوکێکی نایاب بم، ڕازی نیم کەسێکی نەرێنی بم لەنێو خێزانەکەم". لەو قسانەی مۆرینیۆ دەردەکەوێت کە ئەو کەسایەتییەی کە کاروانی پیشەیی پێ ڕایی دەکات، لە چوارچێوەی ئەو پلانەیە کە دەیەوێ مێشکی چەندین یاریزانی پێ ڕایی بکات، کە زۆر پێویستە بەشێوەیەکی جیاواز مامەڵە لەگەڵ گۆڕانکارییە زۆرەکاندا بکات، کە سنووری تۆپی پێ بەشێوەیەکی گشتی پێویستی پێیەتی، بە پێچەوانەی خێزانەکەی کە تایبەتمەندییەکی جیاوازی هەیە.



پێویستە باڵۆن دۆری ئەمساڵ بۆ جیانلویجی بۆفۆن بێت، ئەگەر ئەنجامی یاری کۆتایی چامپیۆنسلیگ بەهەر شێوەیەک بێت

ماسیمیلیانۆ ئەلیگری
(ڕاهێنەری یانەی یوڤانتۆس)



بەڕای من باشترین 5 یاریزان لە مێژووی تۆپی پێدا بریتین لە هەریەک لە خۆم و پێلێ و مارادۆنا و زیکۆ و زێدان

ڕۆناڵدۆ
(دیاردەی تۆپی پێی بەرازیل)




بەڕای من باشترین 5 یاریزان لە مێژووی تۆپی پێدا بریتین لە هەریەک لە ریڤاڵدۆ و ماڵدینی و کانیجیا و هیێرۆ و ڕۆناڵدۆی بەرازیلی

سێرجیۆ ڕامۆس
(بەرگریکاری یانەی ڕیال مەدرید)



گاریس بەیل ئێستا زۆر دڵتەنگە لە ڕیال مەدرید بەهۆی فشاری میدیا و جەماوەر و هەڵسوکەوتەکانی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ

جۆن تۆشاک
(ڕاهێنەری وێڵزی بەناوبانگ)




ئەگەر ئیکەر کاسیاس بە قسەی من بکات لە ڕیال مەدرید دەڕوات، چونکە مانەوەی لەو یانەیە کاریگەری خراپی بەسەر جەماوەریەتی ئەو لە ئیسپانیا دەبێت

دیێگۆ سیمیۆنی
(ڕاهێنەری یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید)



ئەگەر تیپێکم لە یاریزانە پیرەکانی ڕیال مەدرید دروستکردبا لە ماوەی 7 ساڵدا زیاتر لە نازناوەکانی ڕیال مەدریدی ئێستامان دەبردەوە

خریستۆ ستۆیچکۆف
(کاپتنی پێشووی هەڵبژاردەی بولگاریا)



## ئایا دەزانی؟

ئایا دەزانی کە کلاودیۆ براڤۆی گۆڵچیی چیلی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی، ئەمساڵ ڕۆڵێکی سەرەکی بینیوە لە بردنەوە نازناوی لیگا بۆ یانەکەی، چونکە لە سەرجەم یارییەکانی خولەکەدا بەشداری کردو لە چەندین یاری گرنگدا بەهۆیی گەڕاندنەوەی چەندین تۆپی ترسناک بووەتە هۆکاری بردنەوەی بارسێلۆنا. براڤۆ، بە بێ ڕکابەر بووە خاوەنی خەڵاتی زامۆرای تایبەت بە باشترین گۆڵچی لیگا، کە تاکە پێوەر بۆ بردنەوەی ئەو خەڵاتە ئەوەیە گۆڵچی براوە کەمترین گۆڵی لێببێت. براڤۆ لە 38 یاریدا تەنیا 21 گۆڵی لێبووە، واتە لە هەر یارییەکدا 0.55 گۆڵی لێبووە. براڤۆ بە ڕێژەی 78.2 % ئەو لێدانانەی گەڕاندووەتەوە کە ئاراستەی گۆڵەکەی کراون. بە واتایەکی دیکە لە کۆی 90 لێدان کە لەلایەن یاریزانانی یانەکانی لیگاوە ئاراستەی ناو هەرسێ ستوونی گۆڵەکەی کراون، 69 لێدانی گەڕاندووەتەوەو 21 گۆڵیشی لێبووە. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە پریمەرلیگی ئینگلیزیدا، دێڤید دیخیای گۆڵچی ئیسپانیی یانەی مانچستەر یونایتد 93 لێدانی گەڕاندووەتەوە.

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (352) سێشەممە 2015/5/26



لێیڕازین

ئەمساڵ هاندەرانی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی چەندینجار فیکەی ناڕەزاییان بۆ هەموو ئەستێرەکانی یانەکەیان لێداوە، بێجگە لە مارسێلۆی بەرگریکاری بەرازیلی، کە زۆر لەو رازی بوونە، بەهۆی ئەو ئاستەبەرزەی لە زۆربەی یارییەکاندا پێشکەشیکردووە. مارسێلۆ ئەمساڵ لە سەرجەم خول و پاڵەوانیەتییەکاندا 53 یاری بۆ ریال مەدرید ئەنجامداوە، بە ڕێژەی 4345 خولەک. 4 گۆڵی تۆمارکردووەو 8 ئەسیستی هەبووە. هەروەها 41 لێدانیشی ئاراستەی گۆڵی تیپەکانی بەرامبەر کردووە. بە درێژایی کاروانی خۆی لەگەڵ یانەی شاهانە 23 گۆڵی تۆمارکردووە.



# ڕۆناڵدۆ نهێنییەکی مۆندیالی 2002 ئاشکرادەکات

**ڕووداوی وەرزشی - SAMBA**

ڕۆناڵدۆی دیاردەی تۆپی پێی بەرازیل، نهێنی شێوازی قژبڕینی لە مۆندیالی 2002ی ژاپۆن و کۆریای باشوور ئاشکرا کرد، کە لەو مۆندیالەدا توانی بۆ جاری پێنجەم نازناوی جامی جیهانی لەگەڵ سامبا بەدەستبێنێت و ئەوکات زۆرترین قسە لەسەر گۆڵەکان و قژەکەی ڕۆناڵدۆ دەکران.

ڕۆناڵدۆ کە بە دیاردە ناسراوە ڕوونیدەکاتەوە کە ئەو لەو مۆندیالەدا ویستویەتی لە ڕێگەی ئەو دەرکەوتنەوە تیشکەکان بخاتە سەر خۆی، کە لە بەرازیل زۆر باوبوو. ڕۆناڵدۆ لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی بیلدی ئەڵمانی گوتی «کاتێک وادەی مۆندیال نزیک بووەوە، ویستم لە ڕێگەی ئەو شێوازە قژبڕینەوە بایەخ و سەرنجەکان بۆ خۆم زیاد بکەم، دوور لە هێزم لە تۆپی پێ، چونکە ئەو شێوازە لە وڵاتەکەم زۆر بەربڵاوبوو».

ڕۆژنامەی بیلد ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دوای ئەو قژدانانەی ڕۆناڵدۆ، ئەو مۆدێلە بەشێوەیەکی زۆر بەربڵاوتر لەنێو گەنجانی بەرازیلدا پەرەیسەندو تەنانەت هەموو جیهانی تەنییەوە.

ڕۆناڵدۆ لە مۆندیالەدا، توانی سەرکردایەتی سلیساو بکات بۆ بردنەوەی پێنجەم نازناوی مۆندیال، دوای ئەوەی لە یاری کۆتاییدا بە دوو گۆڵی بێ وەڵام لە هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بردەوە و هەردوو گۆڵەکەش لەلایەن ڕۆناڵدۆوە تۆمارکران، هەروەها ڕۆناڵدۆ بە تۆمارکردنی 8 گۆڵیش بووە گۆڵکاری مۆندیال، کە ئەوکات کۆی گۆڵەکانی لە هەموو مۆندیالەکان بۆ 12 گۆڵ بەرزکردەوە.

پۆل سکۆلز بە نموونە..

# ڕۆڵی سەربازی ون لەنێو یاریگەدا



**هەوراز کاوە**


یاری تۆپی چەندە یارییەکی گشتی و گشتگیرە، ئەوەندەش تاکەکان دەتوانن ڕۆڵی گەورەیان لە پێشخستنی تیپەکاندا هەبێت. بە درێژایی مێژوو لە یاری تۆپی پێدا، سەردەم بۆ سەردەم و قۆناخ بۆ قۆناخ، ئەو یارییە گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە. بە تایبەتی زۆرجار ڕاهێنەر و تاک یاریزانێک بوونەتە بزوێنەری بەردەوامی سەرکەوتنی تیپەکان.

لەم ماوەیەی دواییدا سەردەمی یەک یاریزان و هەموو یاریکردن بۆ ئەو یاریزانە جۆرێک کاڵبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی تاکتیک و تەکنیکی یاریزانان، هەمیشە ڕاهێنەران ویستوویانە جارێکی دیکە بەشێواز و فۆڕمێکی نوێ یاریزانی تاکجەمسەری لە یاریگەکاندا توند بکەن. ئەوەش لەم دۆخەی ئێستادا زیاتر لە ناوەندو بەرگری بەردەمی تیپەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، یان باشتر بڵێم زۆرجار ڕاهێنەران یاریزانەکانیان لەسەر پارچە پەڕۆیەکی سەوزە فێری ئەوە کردووە وەک سەربازی ون لە دەوری ئەڵقەکانی یانەکەدا بخولێنەوە. سێر ئەلێکس فێرگسۆن، کە وازی لە ڕاهێنەرایەتی هێنا، ئەوسا جیهان زانیان گەورەی و بیرمەندی ئەو پیاوە سکۆتلەندییە لە کوێی جیهانی یاری تۆپی پێدایە. سێر لە سەرەتای گرتنە دەستی یانەی مانچستەر یونایتددا کاری یەکەم و کۆتایی پشتبەستنبوو بە تواناکانی خۆی و ئەو خامانای بەردەستی، یاخود ئەرکی بنەڕەتی ئەو تەنیا کارکردن بوو لەسەر ئەوەی چۆن یاریزانێک بکاتە پاڵەوانی شانۆکانی لەندەن و کەمترین زیان و تەنگەشەو ونبونی هەبێت.

لە یانەی مانچستەر یونایتد، لە دوو دەیەی ڕابردوودا یاریزانێکی سووری قژکاڵ دەستی بە یاریکردن کرد، ئەو لە سەردەمی فێرگسۆندا بەباشی درەوشایەوە، هەروەها بووە سەربازی ونی پشت سەرکەوتنی یانە سوورپۆشەکە. پۆڵ سکۆلز، یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی ئینگلتەراو ڕێکخەری هێڵی بەرگری یانەی مان یونایتد. ئەو یاریزانە سەردەمێکی زێڕینی لەگەڵ یاریزانان، ئەندی کۆڵ، دوایت یورک، دێڤید بێکهام، کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، ڤان نیستلرۆی و واین ڕۆنی و بەرگریکاران فێردیناند و ستام و گۆڵچییەکان پیتەر شومایکل و ڤاندێر سار بەڕێکرد. هەروەها توانی ببێتە پارسەنگ و سەربازی ونی پشت سەرکەوتنەکانی یانەی ناوبراو.

ئەو یاریزانە هەمیشە بەوە ناسراوبوو، دوایین تۆپە یەکلاکەرەوەکان و پێش کۆتایی ئاراستەی یاریزانەکانی هاورێی دەکردو گۆڵی پێ تۆماردەکرا، ئەمە جگە لەوەی سکۆلز زۆرترین تەرکیز و جوانترین پەیوەندی لەگەڵ سەرجەم یاریزانەکانی هاوشانی هەبووە. سکولز جگە لەوەی گۆڵیشی تۆماردەکرد، بەلای کەمەوە خاوەنی کارامایی و لێهاتوویی و عەقڵمەندی بەردەوام بوو، بۆ تۆمارکردن و لێدان و گەڕان بەدوای هەلی بەردەوام بۆ بردنەوەی تیپەکەی. جگە لەوانەش، سکولز بە بەردەوامی ئەوەی لەیاد نەدەکردو بەبێ هودە تۆپەکانی ئاراستەی گۆڵی دژبەر دەکرد، بەڵکو ئەو هەمیشە لە کاتە دژوارەکاندا، لە نزیکترین دەرفەتدا تۆپی یەکلاکەرەوەی دەبەخشی.

پۆڵ سکولز، تاکە یاریزانە لە پریمەرلیگدا زۆرترین گۆڕینەوەی کردووە، بە هاوشێوەی چاڤی هێرناندزی مۆسیقارەکەی بارسێلۆنا دادەنرێت، هەروەها دوای هەڵکشانی تەمەنی لە یانەکە، دەرکەوت چاکترین یاریزان و سەربازی ونی گرێدانی بنکەکانی یاری تیپەکەی بووە، کە لە وەرزی ئەمساڵدا بە ڕوونی جێگای بە بەتاڵی ماوەتەوە.





چاڤی هێرناندێز..

# ئەندازیاری بارسێلۆنا لە سەردەمی نوێدا

**ئا: ڕەمزی میرەکانی**

یانەی بارسێلۆنا ئیسپانی لەسەر ماڵپەڕی فەرمی خۆی لە تۆڕی ئینتەرنێت، هەندێ ڕاستی لە بارەی یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی، چاڤی هێرناندێز بڵاوکردووەتەوە، کە ڕۆیشتنی خۆی لە کۆتایی وەرز لە یانەکەو پەیوەندیکردنی بە یانەی سەدی قەتەری ڕاگەیاند.

چاڤی دوای 17 ساڵ لە ریزەکانی تیپی یەکەم قەڵای کەتالۆنیا جێدەهێلێت، چاڤی یەکێکە لەو ئەفسانانەی هەموو یادی دەکەن، نەوەک تەنیا لەبەر نازناوە زۆرەکانی کە بەدەستهێناون، بەڵکو لەبەر ئەو یادگارییە زۆرانەی لە کاروانی وەرزشی خۆی جێیهێشتوون.

مایسترۆی هێڵی ناوەڕاست بۆ یەکەمجار لە تەمەنی 18 ساڵی و لە 1998/8/18 لەگەڵ ڕاهێنەر لویس ڤان گال دەرکەوت، یەکەم گۆڵیشی بەرامبەر مایۆرکا لە جامی سوپەری ئیسپانیا تۆمارکرد، کە بە خاڵی دەرچوون بەرەو کاروانێکی مێژوویی لەگەڵ بارسا دادەنرێت. لە کانوونی دووەمی 2011 چاڤی ژمارەی ئەفسانە میگویلی بە کۆی 549 یاری بە درێسی بارسێلۆنا هاوتا کردەوە، لەو کاتەوە چاڤی توانیویەتی جیاوازییەکە زیاتر بکات و کۆی یارییەکانی بگەیێنێتەوە 765 یاری فەرمی لە هەموو پاڵەوانەتییەکاندا.

ماڵپەری فەرمی بارسا جەخت لەسەر بلیمەتی چاڤی لە خوێندنەوەی یارییەکان و زاڵبوون بەسەر ئەستەمترین ماوەکان لە مێژووی تازەی یانەکە دەکاتەوە، لەگەڵ پێشەوایەتیکردنی تیپەکە بەرەو سەرکەوتنی بەردەوام لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ئەورووپیدا. چاڤی لە ماوەی یاریکردنی لەگەڵ بارسا چەندین نازناوی بەدەستهێناوە، لەوانە 8 نازناوی لیگا، 3 نازناوی چامپیۆنسلیگ، لەگەڵ ئەگەری چوارەم لە حاڵەتی بردنەوە لە یانەی یوڤانتۆس لە یاری کۆتایی ئەم وەرزەدا. چاڤی لە میانی شێوازی یاریکردن یان یەکخستنی تیپەکە لەسەر یاریگا ڕۆڵێکی کارای لەو سەرکەوتنانەدا هەبوو، چونکە شێوازی یاریکردنی سیفەتێکی سەرەکی بوو لەو ساڵانەی دواییدا، ئەوەش بەهۆی پاسە وردەکان و سووڕاندنی تۆپ بوو بەشێوەیەکی جادوگەرانە. بێجگە لە سەرکەوتنەکان کە لە ژمارە نایەن لەگەڵ بارسێلۆنا، چاڤی ڕۆڵێکی بەرچاوی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیسپانیاش هەبوو، کە خۆی لە بەدەستهێنانی نازناوی جامی نەتەوەکانی ئەورووپا 2008 و 2010 و مۆندیال 2010 دەبینێتەوە.

## لە بارەی چاڤی گوتوویانە

ئەلیکس فێرگسۆن «مێسی هۆکاری بردنەوەی بارسێلۆنا نییە، بەڵکو چاڤی و ئینێستان، چونکە ئەو دووانە دەتوانن بە درێژایی شەو کۆنترۆڵی تۆپ بکەن».

ئیکەر کاسیاس «خەڵکی بەردەوام پرسیاری ئەوەم لێدەکەن پێتباشە کامە یاریزانی بارسێلۆنا بێتە ریال مەدرید، وەڵامی منیش بەردەوام چاڤییە، چونکە شێوازی کۆنترۆڵکردنی تۆپ وایلێکردووە بەردەوام باشترین بێت».

یۆهان کرۆیف «ئەگەر چاڤی بە ڕۆژێکی خراپ تێپەڕێت، بارسێلۆنا لە نیوەی هێزی بێبەش دەبێت، ئەو کۆنترۆڵی ریتمی یارییەکان دەکات، ئەو یاریزانێکی جیاوازە».

دانی ئاڵڤێز «لەو کاتەی هەموومان لە ئێستادا دەژین، چاڤی لە ئایندەدا دەژی، ئەو لە هەموو یاریزانێک زیاتر بیردەکاتەوەو وادەکات هەموو شتەکان ئاسان بن». ڤیسێنتی

دیل بۆسکی «چاڤی هۆکاری درەوشانەوەی تۆپی پێی ئیسپانییە، ئەستەمە یاریزانێکی دیکە بدۆزیتەوە بتوانێت شوێنی ئەو بگرێتەوە».

«ئەستەمە یاریزانێکی دیکە جێگەی چاڤی بگرێتەوە»




باڵانسەکەت کۆتایی هاتووە و دەتەوێ پەیوەندی ئەنجام بدەی؟
لەگەڵ خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" لە کورەك، دەتوانی سوود لە باڵانسی زیادکراو وەرگریت.
- بۆ کاراکردنی خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" پەیوەندی بکە بە #202*
- بڕی باڵانسی زیادکراو 600 د.ع.
- هەرکاتێ باڵانسەکەت بۆ جارێکیتر پڕبکەیتەوە ئەوا بڕی باڵانسی زیادکراو لە باڵانسەکەت کەم دەکرێتەوە.
- باڵانسی زیادکراو بۆماوەی 3 ڕۆژ بەردەست دەبێت
- نرخی خزمەتگوزارییەکە 120 د.ع.
- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەست دەبێت بۆ سەرجەم بەشداربووانی پرییەید لەنێو تۆڕی کورەك
  - دەبێ باڵانسەکەت لە 60 د.ع کەمتر بێت.
  - دەبێ پێشتر هێڵەکەت بەلایەنی کەم 3 جار پڕکردبێتەوە.
  - نابێت بەشداربوو هیچ قەرزێکی دیکە لە ئەستۆ مابێت.
بوێربە خەون ببینە
411
korektel.com

ژمارە (352) سێشەممە 2015/5/26

# خشتەی یاریەکانی هەفتە

## گرنگترین یارییەکانی هەفتە

**فیناڵی یۆرۆپالیگ**
سڤیلیا - دینیپرۆ
چوارشەممە 2015/5/27
09:45

**فیناڵی جامی ئینگلتەرا**
ئارسناڵ - ئەستۆن ڤیلا
شەممە 2015/5/30
07:30

**فیناڵی جامی ئەڵمانیا**
بورۆسیا دۆرتمۆند - فۆلفسبۆرگ
شەممە 2015/5/30
09:00

**فیناڵی جامی فەرەنسا**
ئۆکسێر - پاریس سانجێرمان
شەممە 2015/5/30
10:00

## خولی ئیسپانیا (کۆتا ریزبەند)

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ بارسیلۆنا | 94 |
| 2 ـ ریال مەدرید | 92 |
| 3 ـ ئەتلەتیکۆ مەدرید | 78 |
| 4 ـ ڤالنسیا | 77 |
| 5 ـ سڤیلیا | 76 |
| 6 ـ ڤیاریال | 60 |
| 7 ـ ئەتلەتیک بلباو | 55 |
| 8 ـ سێلتاڤیکۆ | 51 |
| 9 ـ مەلەگە | 50 |
| 10 ـ ئیسپانیۆل | 49 |
| 11 ـ رایۆ ڤالیکانۆ | 49 |
| 12 ـ ریال سۆسیداد | 46 |
| 13 ـ ئیلچێ | 41 |
| 14 ـ خیتافی | 37 |
| 15 ـ لیڤانتی | 37 |
| 16 ـ دیپۆرتیڤۆ | 35 |
| 17 ـ گرانادا | 35 |
| 18 ـ ئیبار | 35 |
| 19 ـ ئەلمێریا | 32 |
| 20 ـ کورتۆبە | 20 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ کریستیانۆ | ریال مەدرید | 48 |
| 2 ـ مێسی | بارسیلۆنا | 43 |
| 3 ـ نیمار | بارسیلۆنا | 22 |
| 4 ـ گریزمان | ئەتلەتیکۆ مەدرید | 22 |
| 5 ـ باکا | سڤیلیا | 20 |

* یەکەم و دووەم و سێیەم راستەوخۆ گەیشتنە چامپیۆنسلیگ. چوارەم بەشداری لە پاڵاوتنەکانی چامپیۆنسلیگدا دەکات. پێنجەم و شەشەم بەشداری لە یۆرۆپالیگدا دەکەن. هەژدەم و نۆزدەم و بیستەم دادەبەزن بۆ خولی یانە پلەدووەکان.

## خولی ئینگلتەرا (کۆتا ریزبەند)

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ چێڵسی | 87 |
| 2 ـ مانچستەر سیتی | 79 |
| 3 ـ ئارسناڵ | 75 |
| 4 ـ مانچستەر یونایتد | 70 |
| 5 ـ تۆتنهام | 64 |
| 6 ـ لیڤەرپووڵ | 62 |
| 7 ـ ساوسامبتۆن | 60 |
| 8 ـ سوانزی سیتی | 56 |
| 9 ـ ستۆک سیتی | 54 |
| 10 ـ کریستاڵ پالاس | 48 |
| 11 ـ ئێڤەرتۆن | 47 |
| 12 ـ وێستهام | 47 |
| 13 ـ وێست برۆمیچ | 44 |
| 14 ـ لیستەر سیتی | 41 |
| 15 ـ نیۆکاسل | 39 |
| 16 ـ سەندرلاند | 38 |
| 17 ـ ئەستۆن ڤێلا | 38 |
| 18 ـ هاڵ سیتی | 35 |
| 19 ـ بێرنلی | 33 |
| 20 ـ کۆینز پارک رێنجەرز | 30 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ ئەگوێرۆ | مانچستەرسیتی | 26 |
| 2 ـ کین | تۆتنهام | 21 |
| 3 ـ کۆستا | چێڵسی | 20 |
| 4 ـ ئۆستن | کۆینز پارک رێنجەرز | 18 |
| 5 ـ سانچێز | ئارسناڵ | 16 |

* یەکەم و دووەم و سێیەم راستەوخۆ گەیشتنە چامپیۆنسلیگ. چوارەم بەشداری لە پاڵاوتنەکانی چامپیۆنسلیگدا دەکات. پێنجەم و شەشەم بەشداری لە یۆرۆپالیگدا دەکەن. هەژدەم و نۆزدەم و بیستەم دادەبەزن بۆ خولی یانە پلەدووەکان.

## خولی ئیتاڵیا (هەفتەی 38)

یەکشەممە 2015/5/31

| | |
|---|---|
| تۆرینۆ ـ چیزینا | 09:45 |
| فیۆرەنتینا ـ کیێڤۆ | 09:45 |
| ئینتەرمیلان ـ ئیمپۆلی | 09:45 |
| ساسۆلۆ ـ جەنەوا | 09:45 |
| ڤیرۆنا ـ یوڤانتۆس | 09:45 |
| ناپۆلی ـ لازیۆ | 09:45 |
| ئاتالانتا ـ میلان | 09:45 |
| رۆما ـ پالێرمۆ | 09:45 |
| سامپادۆریا ـ پارما | 09:45 |
| کالیاری ـ ئۆدینێزی | 09:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ یوڤانتۆس | 86 |
| 2 ـ رۆما | 67 |
| 3 ـ لازیۆ | 66 |
| 4 ـ ناپۆلی | 63 |
| 5 ـ فیۆرەنتینا | 61 |
| 6 ـ جەنەوا | 59 |
| 7 ـ سامپادۆریا | 55 |
| 8 ـ ئینتەرمیلان | 52 |
| 9 ـ تۆرینۆ | 51 |
| 10 ـ میلان | 49 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ لوکاتۆنی | ڤیرۆنا | 21 |
| 2 ـ تیڤێز | یوڤانتۆس | 20 |
| 3 ـ ئیکاردی | ئینتەرمیلان | 20 |
| 4 ـ هیگواین | ناپۆلی | 16 |
| 5 ـ مینێزیانە | میلان | 16 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە یاری (لازیۆ ـ رۆما) دانراوە.

## خولی ئەڵمانیا (کۆتا ریزبەند)

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ بایرن میونشن | 79 |
| 2 ـ فۆلفسبۆرگ | 69 |
| 3 ـ مونشنگلادباخ | 66 |
| 4 ـ بایرلیڤەرکۆزن | 61 |
| 5 ـ ئۆگسبۆرگ | 49 |
| 6 ـ شاڵکە | 48 |
| 7 ـ بورۆسیا دۆرتمۆند | 46 |
| 8 ـ هۆفنهایم | 44 |
| 9 ـ فرانکفۆرت | 43 |
| 10 ـ ڤێردەربرێمەن | 43 |
| 11 ـ ماینز | 40 |
| 12 ـ کۆڵن | 40 |
| 13 ـ هانۆڤەر | 37 |
| 14 ـ شتۆتگارت | 36 |
| 15 ـ هێرتا بەرلین | 35 |
| 16 ـ هامبۆرگ | 35 |
| 17 ـ فرایبۆرگ | 34 |
| 18 ـ پادربۆرن | 31 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ مایێر | فرانکفۆرت | 19 |
| 2 ـ رۆبن | بایرن میونشن | 17 |
| 3 ـ لیڤاندۆڤسکی | بایرن میونشن | 17 |
| 4 ـ دۆست | بورۆسیا فۆلفسبۆرگ | 16 |
| 5 ـ ئۆبامیانگ | دۆرتمۆند | 16 |

* یەکەم و دووەم و سێیەم راستەوخۆ بەشداری لە چامپیۆنسلیگدا دەکەن. چوارەم بەشداری لە پاڵاوتنەکانی چامپیۆنسلیگدا دەکات. پێنجەم و شەشەم بەشداری لە یۆرۆپالیگدا دەکەن. حەڤدەم و هەژدەم دادەبەزن بۆ خولی یانە پلەدووەکان. شانزدەهەم دوو یاری یەکلاکەرەوە لەگەڵ شانزدەهەمی خولی پلەدووەکان دەکات و براوە دەگاتە بۆندسلیگا.

## خولی فەرەنسا (کۆتا ریزبەند)

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ پاریس سانجێرمان | 80 |
| 2 ـ لیۆن | 75 |
| 3 ـ مۆناکۆ | 68 |
| 4 ـ مارسیلیا | 66 |
| 5 ـ سانت ئیتیان | 66 |
| 6 ـ بۆردۆ | 60 |
| 7 ـ مۆنبیلیە | 56 |
| 8 ـ لیل | 53 |
| 9 ـ رین | 50 |
| 10 ـ گانگۆن | 49 |
| 11 ـ باستیا | 47 |
| 12 ـ کان | 46 |
| 13 ـ نیس | 45 |
| 14 ـ نانت | 45 |
| 15 ـ ریمس | 44 |
| 16 ـ لۆریان | 43 |
| 17 ـ تۆلۆز | 42 |
| 18 ـ ئیڤیان | 37 |
| 19 ـ میتز | 30 |
| 20 ـ لانس | 26 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ لاکازیتی | لیۆن | 28 |
| 2 ـ جینیاک | مارسیلیا | 21 |
| 3 ـ ئیبراهیمۆڤیچ | پاریس سانجێرمان | 19 |
| 4 ـ کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 18 |
| 5 ـ بیۆڤی | گانگۆن | 17 |

* پلەی یەکەم و دووەم راستەوخۆ بەشداری لە چامپیۆنسلیگدا دەکەن. پلەی سێیەم بەشداری لە پاڵاوتنەکانی چامپیۆنسلیگدا دەکات. پلەی چوارەم و پێنجەم بەشداری لە یۆرۆپالیگدا دەکەن. هەژدەم و نۆزدەم و بیستەم دادەبەزن بۆ خولی پلەدووەکان.

## خولی پلەیەکی کوردستان (ریزبەند)

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ گارە | 30 |
| 2 ـ سۆلاڤ | 29 |
| 3 ـ سیروانی نوێ | 28 |
| 4 ـ ئاڵتون کۆپری | 26 |
| 5 ـ کۆیە | 24 |
| 6 ـ سێمێل | 23 |
| 7 ـ دەربەندیخان | 23 |
| 8 ـ سۆران | 23 |
| 9 ـ ئاشتی | 19 |
| 10 ـ هەڵەبجەی شەهید | 17 |
| 11 ـ شەهیدان | 16 |
| 12 ـ خاک | 16 |
| 13 ـ هەڵۆ | 15 |
| 14 ـ سەورە | 15 |
| 15 ـ ئاڵا | 13 |
| 16 ـ سەرچنار | 3 |

## خولی نایابی کوردستان (کۆتا ریزبەند)

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ زێرەڤانی | 48 |
| 2 ـ دهۆک | 44 |
| 3 ـ نەورۆز | 42 |
| 4 ـ پێشمەرگەی هەولێر | 35 |
| 5 ـ هندرێن | 30 |
| 6 ـ برایەتی | 30 |
| 7 ـ زاخۆ | 30 |
| 8 ـ ئارارات | 29 |
| 9 ـ کەرکووک | 27 |
| 10 ـ سلێمانی | 25 |
| 11 ـ شێروانە | 25 |
| 12 ـ هەولێر | 23 |
| 13 ـ پێشمەرگەی سلێمانی | 21 |
| 14 ـ بروسک | 0 |



**خولی ئیتاڵیا**
ناپۆلی - لازیۆ
یەکشەممە 2015/5/31
09:45

**فیناڵی جامی ئیسپانیا**
بارسیلۆنا - ئەتلەتیک بلباو
شەممە 2015/5/30
10:30

## پێڵاوەکەی دەباتەوە



لە پێشهاتێکی سەیر و چاوەڕوان نەکراودا، لۆسەر ماتیۆسی کاپتنی پێشووی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی داوای ئەو پێڵاوەی خۆی لە یانەی بایرن میونشن دەکاتەوە کە پێشتر پێشکەشی مۆزەخانەی یانەکە کردبوو. لەو بارەوە رۆژنامەکانی ئەڵمانیا ئاشکرایانکرد «ماتیۆس تاکی راستی ئەو پێڵاوەی خۆی کە جامی جیهانی 1990ی پێبردبووە، پێشکەشی یانەی بایرن میونشن کردبوو، بەڵام دوای ئەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو یاریزانە و ئەو یانەیە تێکچوون، ئێستا ماتیۆس پێڵاوەکەی دەوێتەوەو دەیباتەوە».



رێبوار محەممەد

## فیفا، دیماریا و ئەنچیلۆتی..
# خۆی ناوێرێ و من دەنێرێ

پلاتینی باشدەزانێ لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی فیفاشدا هیچ کەسێک شانسی ئەوەی نییە شوێنی بلاتەر بگرێتەوە، چونکە ئەو سەرۆکە کە دەڵێن بە گیرفانێکی بەتاڵەوە هاتووەتە سەر تەختی پاشایەتی مەزنترین دامەزراوەی تۆپی پێ لە جیهاندا، ئێستا ئەوەندەی تەونی جاڵجاڵۆکەیی و پەیوەندیی ژێربەژێر دروستکردووە، کەس دەرەقەتی نایەت. هێندە بەسەر کە بیرتان بهێنمەوە پیاوێک هەبوو بەناوی محەممەد بن هەمام، جاری پێشوو زۆر لاف و گەزافی بردنەوە لە بلاتەری لێدا، ئێستا کورد گوتەنی ناوی لە کولەکەی تەریشدا نییە.

داهاتووی سەرۆکایەتی فیفا هەر بۆ پلاتینییە، بەڵام لەم گەڕەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا نا، چونکە ئەمجارە کەس ناتوانێ ئەو گرەوە لە بلاتەر بباتەوە، پاشەکشەی فیگۆ باشترین نموونەیە، بەڵام سەیرەکە ئەوەیە میدیای عەرەبی زۆر دڵخۆشن بەوەی میر عەلی کوڕی حسێن رکابەری بلاتەرە و خەون بەوەوە دەبینن بچێتە جێگەی لە کاتێکدا ئەوە باشدەزانن وا زوو کەس ئەوەی بۆ ناچێتە سەر. ئەوەی پلاتینی دەیکات، ئەو پەندەیە کە دەڵێ بۆخۆی ناوێرێ.. من دەنێرێ. پلاتینی دەترسێ لە رکابەرایەتیکردنی راستەوخۆی بلاتەردا سەرۆکایەتی یوفاش لەدەست بدات، بۆیە کە خۆی ناوێرێ.. میر عەلی دەنێرێ.. بەڵام ئەنجامی ئەوە جگە لە گرەوێکی دۆڕاو زیاتر نییە.

### دیماریا.. کڕینەوەی سەرێکی زیندوو

لە رۆیشتنی دیماریادا لە ریال مەدریدەوە بۆ مانچێستەر یونایتد کەس قازانجی نەکرد (ئەگەر ئەو پارەیەی لێدەربکەین کە ریال مەدرید وەریگرت لە فرۆشتنەکەدا)، ریال مەدرید یەکێک لە باشترین یاریزانەکانی وەرزی رابردووی خۆی لەدەستدا بەبێ ئەوەی شوێنگرەوەیەکی بۆ دروست بکات، مانچێستەر پارەیەکی زۆریدا و نەیتوانی هیچ سوودێک لەو یاریزانە ببینێت، دیماریا خۆیشی نەیتوانی لەگەڵ کەشی خولی ئینگلیزیدا خۆی بگونجێنێت و دەستبەتاڵ دەرچوو.

ئێستا دەنگۆکانی رۆیشتنی دیماریا لە مان یو گەرمە، هەندێک باس لە گەڕانەوەی بۆ ریال مەدرید دەکەن، هەندێکی دیکە دەڵێن دەچێتە پاریس سانجێرمان و تەنانەت بایرن میونشنیش هەیە. لە هەموو ئەو ئەگەرانەدا لەوانەیە دیماریا قازانج بکات تەنیا مانەوە لە مان یو نەبێت.

دیماریا پێویستی بە کەشێکی نوێ هەیە بۆ سەرلەنوێ دۆزینەوەی، ڤان خال لە ساڵی یەکەمدا نەیتوانی ئەوە بکات، بۆ ساڵی دووەمیش ئەوە زەحمەتە، بازاڕکردن و یاریزانەکانی بەردەستی ئەو راهێنەرە هۆڵەندییە و دروستبوونی فشار لەسەری بۆ بردنەوەی نازناوەکان، وادەکات هەلی ئارامگرتن لەسەر دیماریا کەم ببێتەوە، بۆیە دیماریا ئەو سەرەیە پێویستی بەکڕینەوە هەیە، لە ریال بێت، یان پی ئێس جی یان جێگەیەکی دیکە.

### ئەنچیلۆتی و وێنەکەی رۆناڵدۆ

کاریکاتێرێک لەسەر دەرکردنی ئەنچیلۆتی لە ریال مەدرید سەرنجی راکێشام، پێرێز دەرگای یانەکەی بۆ خستووەتە سەر پشت تا بڕوات و رۆناڵدۆ و بەیڵیش دەستەودامانی راوەستاون و دەیانەوێ بمێنێتەوە.

لام سەیر نییە کە رۆناڵدۆ زۆر پشتگیری لەو راهێنەرە دەکات، چونکە ئەو یەکێک لە باشترین کەشەکانی بۆ ئەو یاریزانە رەخساند لە دوو ساڵی رابردوودا و وایکرد دوو باڵۆن دۆر بباتەوە، ئەوەشی ئەو یاریزانە کردی، دەستپێشخەرییەکی سانا بوو بۆ هێشتنەوەی راهێنەرەکە، بەڵام ئەوەی سەیرە ئەوانەی کارلۆ بەدرێژایی ئەمساڵ بەرگری لێکردن بێدەنگن، بێگومان مەبەستم بەیڵ و کاسیاسە.

ئەگەر بە پێی پەندەکە بێت (بێدەنگی نیشانەی رازیبوونە)، ئەوە دیارە ئەو دووانە چاوەڕێی رۆیشتنی کارلۆ دەکەن، دیارە بابەتەکە وایلێهاتووە، ئەوەی لەگەڵ کارلۆدا درەوشاوەتەوە داوای مانەوەی دەکات و ئەویدیکەش خۆی بێدەنگکردووە و چاوەڕێی دەرکردنی دەکات. لە هەموو حاڵەتێکدا شەڕەکە لەسەر چارەنووسی کارلۆیە و ئەویش خۆی دەیەوێ نەشتەرگەری بکات و هێشتا چارەنووسی دیار نییە.

# کوڕی رۆنی هاندەری رۆناڵدۆیە



**رووداوی وەرزشی ـ DW**

بەهۆی تاتۆیەک کە لەسەر قۆڵی کێشاویەتی، دەرکەوت کە کوڕە گەورەکەی واین رۆنی هێرشبەری هەڵبژاردەی ئینگلتەرا و یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی زیاتر لە باوکیان سەرسامە بە کریستیانۆ رۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی.

دوای یاری لوتکەی نێوان مانچستەر یونایتد و ئارسناڵ لە خولی ئینگلیزی، دەرکەوت کە کای کوڕە گەورەی واین رۆنی ئەستێرەی مانچستەر یونایتد تاتۆی ئەستێرەی پورتوگالی، کریستیانۆ رۆناڵدۆی لەسەر قۆڵی چەپی کوتاوە. ئەمەش مانای ئەوە دەگەینێت کە کوڕەکەی رۆنی هاندەری رۆناڵدۆیە نەک باوکی.

لەو بارەوە رۆژنامەی میرۆری ئینگلیزی، کە وێنەی کای بڵاوکردووەتەوە دەپرسێت، ئایا رۆنی لە نێو خێزانەکەیدا خاوەن جەماوەری یەکەم نییە؟ چۆن رێگەی بە کوڕەکەی داوە تاتۆی رۆناڵدۆ لە جیاتی تاتۆی ئەو لەسەر قۆڵی بکوتێت؟.

پێشتریش دەرکەوتووە کە منداڵانی چەند ئەستێرەیەک هاندەری یاریزانانی دیکەن لە جیاتی باوکیان، وەک ئەوەی جۆن تێری کاپتنی یانەی چێڵسی لەندەنی راشکاوانە رایگەیاند «کوڕەکانم هاندەری لیۆنێل مێسین و درێسی ئەو لەبەردەکەن نەک درێسی من».

هەروەها زوومی کامێرای وێنەگرانیش وێنەی کوڕێکی داڤید بێکهامی ئەستێرەی ئینگلیزیان گرت، کە درێسی مێسی لەبەرکردبوو.



## (رووداوی وەرزشی)
## بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە

ناو : ..............................................................

مۆبایل : ..............................................................

2 چلەویەکەمین پێشبڕکێ

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (رووداوی وەرزشی) ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی رووداوی وەرزشی بەشداربە.

**خەڵاتەکان خەڵاتەکان**

1 ـ ئامێری رۆیشتنی کارەبایی.
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD.
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ.
4 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ.
5 ـ مۆبایل.

## پێشبڕکێ

بە کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

نامەیەک بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی: 0750 760 5215 لەگەڵ ناوی خۆت



شێروان شێرزاد لە بحرکە

بە لێدوانی: (بەدبەخت و چارەڕەشم، لە گۆڵکردن بێبەشم)

بووە براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو.






سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
EHSANJORNALIST@YAHOO.COM – 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد
رووداو وەرزشی
رۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو رۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

رووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە
www.rudaw.net
هەموو دووشەممەیەک رووداو بخوێنەوە